# سەرەتایەك بۆ ماتریالیزمی مێژوویی



کاتێك تەماشای مێژوو دەکەین، وادەردەکەوێت فەوزایەك یان پرۆسەیەکی پڕ لە ناکۆکی بێت. ڕووداوەکان لە سەرلێشێوانی شۆڕشەکان، جەنگەکان، ماوەی گەشە و داڕووخاندا لەناودەچن. ململانێی چینەکان و نەتەوەکان لە ناو فەوزای گەشەی کۆمەڵایەتیدا دەخولێنەوە. چۆن دەتوانین لەم ڕووداوانە تێبگەین و ڕوونیان بکەینەوە کە وادەردەکەون هیچ ڕیشەیەکی عەقڵییان نییە؟ لە سەرەتادا، مرۆڤ بەدوای دۆزینەوەی ئەو یاسایانەدا دەگەڕا کە حوکمیان بەسەر ژیانەوە دەکرد و جیهانیان ئاراستە دەکرد. تیۆرەکان هەر لە دیدی سەروسرووشتییەوە تاوەکو ڕابەرایەتی مرۆڤە مەزنەکان بەشێوەی جیاواز جیاواز لە هەوڵی دۆزینەوەو ڕوونکردنەوەی ئەمەدابوون. هەندێك پروایانوایە

لەبەرئەوەی هەر کەسێك سەربەخۆ لەوانیتر کردار دەنوێنێت بۆیە تیۆرییە گشتییەکانی سەبارەت بە کۆی گەشەی مرۆڤ بێ بایەخن.

بۆ نزیکەی دوو هەزار ساڵە بیرۆکەکانی پەیمانی کۆن (جێنەسس) لە ڕۆژئاوادابالادەستە. ئەوانەی هەوڵی ڕەخنەکردنی ئەم ئایدیانەیان دەدا بە شوێنکەوتووانی شەڕو شەیتانیان ناودەبردن. لەکاتێکدا کە هێشتان تەمەنی قبووڵکردنی تێڕاوانینی دژە ئاینیانە دەربارەی مێژوو و پەرەسەندن کورتە. بۆ چینی سەرمایەدار و بیرۆکراتەکانی نێو زانکۆ و قوتابخانە و ناوەندەکانی فێربوون، دەبێت مێژووڕەهایانە بەشێوەیەکی لایەنگیرانەو بێ هیچ پەیوەستییەك بە ئێستاوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی وەك وانە بووترێتەوە. بە مەبەستی پاکانەبۆکردن بۆ سرووشتی ناوەکیی و جەوهەریانەی قۆرخکاری سەرمایەدارانە و، هەروەها ئانارشییەتی ئابووریانەی هەناوی ئەم قۆرخکارییە هەردەم جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەفسانەی چینەکان و خاوەندارێتی تایبەت هەمیشە بونیان هەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا، لەلایەن ناوەندە ئەکادیمییە گەورەکان و پرۆفیسۆرەکانەوە ژمارەیەکی زۆر لەو بەرهەمانە نووسراون و خراونەتە بازاڕەکانەوە کە لە پرۆسەی گەوجاندندان بۆ بەهەڵەدابردنی مارکسیزم و لەسەرووی هەمووشیەوە چەمکی ماتریاڵیزمیی مێژوویی. مارکسیستەکان بایەخی زۆر بە لێکۆڵینەوەی مێژوو دەدەن: نەك لەبەر خوودی مێژوو بەڵکو لەبەر ئەوەی کە خوێندنەوەی مێژوو پێمان دەبەخشێت. بەبێ تێگەشتن لەگەشەی ڕووداوەکان ناتوانین داهاتووش بە ڕوونی ببینین. لینین، بۆ نموونە، پارتی بۆلشڤیکی  بۆ شۆرشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 ئامادەکرد لەڕێگەی خوێندنەوەو شیکارێکی وورد بۆ کۆمۆنەی پاریس و ڕووداوەکانی ڕوسیای ساڵی 1905 و فیبریوەری 1917ەوە. بەم مانایەیە کە ئێمە دەتوانین سوود لە خوێندنەوەی مێژوو وەربگرین. مارکسیزم بریتییە لە زانستی گۆشەنیگاکان بە بەکارهێنانی میتۆدی ماتریالیزمی دیالێکتیکی لە کرنەوەی گرێکانی نێو پرۆسەی گەشەی مێژوودا. فەلسەفەی مارکسیزم تاقیکرنەوەو خوێندنەوەی شتەکان نییە لە دۆخی وەستاندا، بەڵکو لە دۆخی جووڵان و بزاوت و ژیاندا. ڕووداوە مێژووییەکان وەستاو نین و بریتین لە پرۆسە. هەرچەندە پەرەسەندن مانای ئەوە نییە کە شتەکان لە نزمەوە بۆ بەرز هاتوون. وەکو لینین دەڵێت:  ژیان و

کۆمەڵگا بەشێوەی دیالەکتیکی گەشە دەکەن، نەك وەکو هێڵێکی ڕاست، بەڵکو وەك بازدانی گەشەیی و قەیران و شۆرش و پچڕان و گۆڕینی ژمارە بە جۆر و پاڵنەری ناوەکی کە لەڕێگەی ئاراستەو هێزی جۆراوجۆری ناکۆکەوە دەردەکەون و سەرهەڵدەدەن.

ئەنگلز پێیوایە کە دیالەکتیك بریتییە لە بنەڕەتی سەرەکی فکر کە تێیدا، ناتوانین لەسەرەتادا وەکو ئەوە لە جیهان تێبگەین کە بوونی-ئامادەی شتە ئاڵۆزەکان لەخۆبگرێت، بەڵکو جیهان بریتییە لە کۆیەك پرۆسە کە تێیدا شتەکان کەمتر لە وێنە عەقڵییەکان لە مێشکماندا سەقامگیر ناکەن. چەمکەکان بە گۆڕانێکی نەپچڕاودا بۆ ناو بوون دێن و کۆتایشیان دێت . ئەم میتۆدە لە شێوەدا، ماتریالیستییە. بیرۆکە و تیۆر و بەرنامەی حیزبەکان لە ئاسمانەکانەوە دانەبەزیون، بەڵکو هەمیشە ڕەنگدانەوەی جیهانی ماتریالی و بەرژەوەندییە ماتریالییەکانن. وەك چۆن مارکس ڕوونیدەکاتەوە کە مۆدی بەرهەمهێنانی ژیانی ماتریالی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیایی و فکری بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگڕێژ دەکات. ئەوە ئاگایی مرۆڤ نییە کە بڕیار لەسەر بوونی کۆمەڵایەتییان دەدات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە بوونی کۆمەڵایەتییە کە بڕیار لەسەر ئاگاییان دەدات. مارکس بە بەکارهێنانی ئەم میتۆدە توانی ئاماژە بەو ڕێگا گشتگیرە بکات کە تێیدا پرۆسەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و لاوازبوونی سیستمە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان ڕوودەدەن. مرۆڤ خۆی مێژووی خۆی درووستدەکات، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەو مۆتیڤانەی خەڵك و کۆمەڵ دەجووڵێنێن کامانەن، یان چی دەبێتە هۆی بەریەككەوتنی بیرۆکە و کۆششە ناکۆکەکان؟ سەرجەم ئەم ململانێ و ناکۆکی و بەریەككەوتنانەی نێوان مرۆڤەکان لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟ هەلومەرجە ئۆبێکتیڤەکانی بەرهەمهێنان لە ژیانی ماتریالیدا کە دەبنە هۆی بنەڕەتی چالاکی مێژوویی مرۆڤ چین و کامانەن؟ یاسای گەشەسەندنی ئەم هەلومەرجانە چییە؟ مارکس، بۆ هەموو ئەم پرسیارانە، سەرنجمان بۆ خوێندنەوەیەکی سیستماتیکیانەی مێژوو ڕادەکێشێت وەکو پرۆسەیەکی تاقانە کە لەگەڵ هەمەچەشنی و دژیەکێکانیدا، هێشتان یاسای سنووردار و دیاریکرا و ئاراستەی دەکات.

## کۆمیونیزمی سەرەتایی

مرۆڤە سەرەتاییەکان نزیکەی سێ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا لە جۆرێکی گەشەسەندووی مەیموونەوە گەشەیانکردووە. بەرەبەرە، مرۆڤە سەرەتاییەکان لە دارستانەکان و جەنگەڵەکانەوە بەرەو دەشتەکان کۆچیانکرد: گواستنەوەیەك کە بەهۆی زیادبوونی ئەزموونی خۆگونجاندن و کاری دەستی ئەو مرۆڤانەوە هاتەبوون، هەروەها جەستەی ئەم مرۆڤانە ڕێکتربووەوە یان وەستاوتربوویەوە. لەکاتێکدا، ئاژەڵەکانیتر ئەندامی دیکەی بەرگرییان هەبوو بۆ پرین و قووڵکردن و هەڵکەندن و خۆگەرمکرنەوە، ئەو مرۆڤانە هیچ کام لەمانەیان نەبوو. ئەوەی مرۆڤەکان بۆ مانەوە لە ژیان دەیانتوانی بەکاریبهێنن دەستەکان و عەقڵیان بوو. لەڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە فێری بەهرە و توانستی جیاوازبوون کە توانییان ئەم ئەزموونانەیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەستاودەست پێبکەن. پەیوەندیگرتن لە ڕێگەی قسەکردنەوە پێویستییەکی زۆر گرنگ بوو .

هەروەکو ئینگلز دەڵێت زاڵبوون و هەژموونیەتی مرۆڤ بەسەر سرووشتدا لە دەست و کارەوە دەستیپێکردووەو ئاسۆی مرۆیی بۆ داهاتوو گەشکردەوە. ژن و پیاو بوونەوەری کۆمەڵایەتین کە ناچارانە پێویستیان بە هاتنەوەیەك و هاریکاری یەکتر هەبووە لەپێناو مانەوەدا. جیاواز لە هەموو شانشینە ئاژەڵییەکانیتر، توانییان گشتاندن بکەن و بیربکەنەوە. کار لەگەڵ دروستکردنی کەرەستەکاندا دەستیپێکرد. لەڕێگەی کەرەستەکانەوەبوو مرۆڤ توانی ژینگەکەی لەپێناو پێویستییەکانیدا بگۆڕێت. وەك ئینگلز دەڵێت ئاژەڵەکانی دیکە کاریان گۆڕینی ژینگەیان نییە، بەڵکو تەنها بەکارهێنانیەتی، ئەمە لەکاتێکدا کە مرۆڤ بە ئامادەیی لەنێو جیهاندا گۆڕان چێدەکات. مرۆڤ بە گۆڕانەکانیەوە خزمەت بە ئامانجەکانی دەکات و کۆنترۆڵی دەکات. ئەمە دوا جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکانی دیکەیە، ئەم جیاوازییەش تەنها لەڕێگەی کارەوە هاتووەتە بوون.

فۆرمە ئابوورییەکان زۆر ساکاربوون. مرۆڤ بوونەر یان ئاژەڵێکی ناوازە و تایبەتە، بە گرووپ دەستیان بە گەڕان کردووە بۆ دەستکەوتنی خۆراك. ئەم ژیانە کۆچەرییە بەتەواوی لەژێر سایەی گەڕاندا بووە بۆ خواردن. شوێنەوارناسەکان بەم کاتە مێژووییە دەڵێن چاخی بەردین. بۆ نموونە هێنری مۆرگن کە ئەنترۆپۆلجیستێکی کۆنە ئەم چاخە بە چاخی دڕندەیی ناوزەد دەکات. هێشتان پاش هەزاران ساڵیش بەم چاخە، خاوەندارێتی تایبەت درووست نەبووبوو. هەرشتێك کە درووستدەکرا، کۆدەکرایەوە یان بەرهەمدەهات بە خاوەندارێتی گشتی یان بە موڵکی کۆمۆن دادەنرا. لەنێوان دە بۆ دوازدە هەزار ساڵ پێش ئێستادا، ماوەیەکی نوێی گەشەسەندووتر سەریهەڵدا کە بە چاخی نوێی بەردین یان بەربەریەت ناسرا. لەجیاتی گەڕان بە دوای خواردندا، هەندێ پێشکەوتنی گرنگ لەبواری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە وماڵیکردنی ئاژەڵدا هاتەئاراوە. لێرەوە، ژن و پیاو توانییان ئازادانە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێببن و سەرئەنجام کەرەستەی دیکەیان بۆ کارە نوێکانیان بەرهەمهێنا، هەروەها ئابوریی بەرهەمهێنانی خۆراك داهێنرا. کۆمەڵە و خێڵە سەقامگیرەکان لەم ساتە مێژووییەدا سەریانهەڵدا. تەنانەت تاکو ئەم ساتەش، بەهۆی کۆمەڵە هۆکارێکەوە خێڵگەلێك لە ئەفریقا، باشوری هێمن و باشوری ئەمریکادا هەن، لەم قۆناغەی بەربەریەتدا دەژین. بەڵام هێشتان لەگەڵ لەدایکبوونی نیشتەجێبوونی هەمیشەیشدا، نیشتەجێبوونی تایبەت (private) تاکو ئەو ساتە نەهاتبووە بوون؛ بە پێچەوانەوە، شوێنە گەورەکانی نیشتەجێبوون بۆ بەکارهێنانی گشتی و کۆمۆن دروستکرابوون. لەم قۆناغەدا، هیچ خێزانێکی تایبەت بوونی نەبوو. منداڵەکان موڵکی هەموو خێڵەکە بوون. لە قۆناغی کۆمیونیزمی سەرەتاییدا (دڕندەیی و بەربەریەت، کە هەر یەکێك لەم قۆناغانە نزمتر و بەرزتربوو لە ئەویتر بەشێوەی یەك لە دوای یەك)، هیچ خاوەندارێتییەکی تایبەت و چین و نوخبەی خاوەن ئیمتیاز و دەزگا (ئەپارەتووس)ی پۆلیسی و تایبەتی سەرکوتکەر، وەکو ( دەوڵەت )، لەئارادا نەبوون. خێڵەکان خۆیان بەسەر یەکەی کۆمەڵایەتی بچوکتردا دابەشببوون کە پێیان دەوترا تیرە و هۆز و بەشی بچوك. لەڕاستیدا ئەمانە، گروپی خێزانی زۆر گەورەبوون کە هێڵی خێزانی خۆیان تەنها لە هێڵی مێینەوە درێژ دەکردەوە. ئەمە ئەوەبوو کە ناوی لێنرابوو کۆمەڵگای

دایکسالاری. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا چۆن دەکرا ئەمە ڕوویدات، یان چۆن جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنی باوکی ڕاستەقینەی منداڵ بەم شێوەیە مەحاڵ دەبوو؟ ڕێگە پێنەدراوبوو ئەگەر پیاوێك بیویستایەت لەگەڵ ژنێك لە هەمان تیرە یان هۆزدا بمایەتەوە یان بژیبایەت، بۆیە، خێڵەکان لە هاوپەیمانێتییەك لە تیرەکان درووست کرابوون. لە هەندێ کاتی دیاریکراودا، فۆرمێك لە هاوسەرگیری گروپی لەنێوان تیرەکاندا بوونی هەبوو .

ئەم فۆرمە بێ چینەی کۆمەڵگا بەڕادەیەکی زۆر دیموکراتی بوو. هەموو کەسێك لە شورادا کۆدەبوویەوە بۆ پریاردان و یەکلایکردنەوەی هەر پرس و ڕووداوێك کە ڕووی دەدا، وە سەرکردە و سەربازەکانیان بۆ مەبەستی تایبەت هەڵدەبژێردران. وەك ئەوەی کە ئینگلز لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێداوە، ڕیشەکانی خێزان، خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت: "ئەم دەستورە چەند جوانە بە هەموو سادەییەکانیەوە! نە سەرباز و نە جێندرمە و نە پۆلیس، نە خانەدانی و پاشا و نە ڕاسپێردراو لەسەر تەختی پاشایەتی و نە دادوەر و نە زیندانی و نە سکاڵای یاسایی، بەڵام هێشتانیش کاروبارەکان بە نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی بەڕێوەدەچوون. هەموو دەمەقاڵێ و ناکۆکییەکان لەلایەن هەموو کۆمەڵگاوە یەکلادەکرێنەوە کە تێیدا بەشدارن، یان لە هۆزەکە یان خێڵەکە یان لەلایەن هۆزە جیاوازەکانەوە لەنێو خۆیاندا ئەمە ئەنجامدەدرێت. تەنها لە هەندێ کەیسدا نەبێت کە تۆڵەی خوێن، بە پلەیەکی زۆر دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەو سزای مەرگەی کە ئەمڕۆ هەمانە بە ڕوونی و سادەیی فۆرمێکی مەدەنیانەی ئەم تۆڵەی خوێن سەندنەوەیەیە، کە کەوتووەتە ژێر کاریگەری سود و زیانەکانی شارستانییەتەوە. خێزانی کۆمۆنیستی هاوبەشی پێکراوە لەلایەن ژمارەیەك خێزانەوە، زەوی موڵکی خێڵە، تەنها باخچەکان بەشێوەیەکی کاتی دەبن بە موڵکی خێزانەکان. ناکرێت هەژار و بێدەرەتان هەبن – خێزانە کۆمۆنیستەکان و هۆزەکان ئەرکەکانی خۆیان دەزانن بەرامبەربە بەساڵاچووان، نەخۆشەکان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان. هەموو ئازاد و یەکسانن – بە ژنیشەوە. هێشتان جێگای کۆیلە نابێتەوە، تەنانەت جێگای ملکەچپێکردنی خێڵە بیانییەکانیش نابێتەوە."

بۆ میسرییە کۆنەکان کە خاوەندارێتی تایبەتیان وەکو خودایەکی پیرۆز دەبینی، هەروەها بە چاوی سوکایەتییەوە لەم کۆمەڵگایانەیان دەڕوانی. بەڵام بۆ خەڵکە خێڵەکییەکان، خاوەندارێتی تایبەت شتێکی نامۆ و نەزانراو بوو. مێژوونووس "هێکیوێلدەر" دەڵێت هندییەکان پێیانوابووە کە "رۆحە مەزنەکە لەپێناو چاکەی کۆمۆن و گشتیدا زەوی دروستکردووە، وە هەموو ئەو شتانەشی کە تێیدایە، کاتێك وڵاتی دروستکرد و یاری و گەمەی تەواوی پیبەخشی نەیویست چاکەکە تەنها بۆ هەندێك بێت، بەڵکو بەسەر هەمووواندا دابەشیکرد. لە ژیانی کۆمۆندا، هەموو شتێك بۆ مرۆڤ و نەوەکانیەتی. هەر شتێك کە لەسەر زەوی دەژی، هەر شتێك کە لە زەوییەوە دەڕوێت، وە هەموو ئەوانەی کە لە ڕووبار و ئاوەکاندان بە شێوەیەکی یەکسان بە هەمووان بەخشراوە، وە هەموو کەسێك خاوەندارێتی لە پشکی خۆی دەکات." خاوەندارێتی هاوبەشی خێڵەکیانە بەرمەبنای هەوڵی گەشەی خێزانی تایبەت بوو، هەروەها گەشەی بنیاتنانی ماڵ و خانوی تایبەت بوو شانبەشانی نیشتەجێبوونی کۆمۆنی. بە تێپەڕینی کات، دواتر زەوی هاوبەش لەپێناو خاوەندارێتی هەرەوەزانە و بە کۆمەڵی خێزانیدا بۆ هەر خێزانێك دابەشکرا. خێزانی دایکسالار ڕێگای بۆ باوکسالاری خۆشکرد (هەیمەنەی نێرسالاری)، کە زۆر سەرەکیبوو لە هێشتنەوەی خاوەندارێتی هەرەوەزی یان پێکەوەییدا.

هەرچەندە، پێویستە وەك خێزانی ئەمڕۆ لەو خێزانانە نەڕوانین. وەك پۆل لافارگ دەڵێت: "خیزان بۆ کۆتاترین و سادەترین دەربڕین کەرتنەکرابویەوە، وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ خێزان کورتکراوەتەوە، کە پێکهاتووە لەم سێ گرنگترین توخمانە: باوك، دایك وە وەچە؛ پێکهاتووە لە باوك وەك سەرۆکی دانپێدانراوی خێزان؛ ژنی شەرعی، هەروەها ژنە کۆیلە بەکرێگیراوەکانی بۆ ئارەزووی سێکسی کە لەژێر ئاسمانی هەمان ماڵدا دەژین؛ منداڵەکانی و برا بچووکەکانی، لەگەڵ ژن و منداڵەکانیاندان، هەروەها خوشکە شونەکردووەکانیان: خێزانێکی لەم شێوە لە ئەندامگەلێکی زۆر پێکهاتبوو.

گەشەی خاوەندارێتی تایبەت لە قۆناغەکانی دواتری کۆمۆنیزمی سەرەتاییدا لەلایەن مارکسییەکانەوە بە توخمەکانی کۆمەڵگای نوێ لەقەڵەم دەدرێت کە لەنێو کۆمەڵگای کۆنەوە

سەرچاوەیگرتووە. لەکۆتاییدا ئەم کەڵەکەبوونە چۆنایەتییانەی توخمە نوێکان بووبەهۆی پچڕان و داپڕانە چۆنایەتییەکە لە کۆمەڵگای کۆن. لەگەڵ گەشەی کەرەستەی نوێدا و بەتایبەتی لە کشتوکاڵدا، ئەو پرپارە درا کە دەبێت کێ خاوەندارێتی لەو کەرەستە و ئامرازانە بکات؟ خاوەندارێتی لە کەرەستەکان، چەکەکان، کانزا نوێکان، لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە، ئەو کەرەستانەی کە ئەمانە دروستدەکەن، وایکرد کە خێزانەکان دژ بەو ئاستەی ژیان ڕابوەستنەوە کە بریتیبوو لە ململانێی سامناکی ژیان و مەرگ بە هێزی سروشتەوە. پاشان بەهۆی گەشەی زیاتری هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە (سەرەتا بازرگانی لەنێوان جڤاتە جیاوازەکاندا گەشەیکرد)، نایەکسانی لەنێو کۆمەڵگادا سەریهەڵدا. ئەمە کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر نەزم و ڕێکخستنە کۆنەکە هەبوو. بۆ یەکەمجار، ژن و پیاو توانییان "زیادە" لەسەروی پێویستییەکانیانەوە بەرهەمبهێنن، کە ئەمە بووبەهۆی بازدانێکی شۆڕشگێڕانەی ڕوولەپێش لە مرۆڤایەتیدا.

لە ڕابردوودا، کە جەنگ لەنێو دوو خێڵدا ڕوویدەدا، هەر بە دیل گرتنێکی وەك کۆیلە، دەبوو بە هەوڵێکی نائابوریانە. لەگەل ئەوەشدا، دەستبەسەر تەنها دەیتوانی خواردن بۆ خۆی بەرهەمبهێنێت. نەیدەتوانی هیچ زیادەیەك بەرهەمبهێنێت. تەنها سود و قازانجی کەسی دەستبەسەر لەوەدابوو خواردنی کەمی پێبدرایە و پاشان وەکو سەرچاوەیەکی گۆشت بەکاربهێنرایەت. ئەمە بنەرەتی مرۆڤخۆری بوو. بەڵام ئەو کاتەی کە زیادە بەرهەمدەهات ئیتر پاراستنی کۆیلە بە شێوەیەکی ئابووری سەرکەوتنی بەدەستهێنا کاتێك کە کۆیلە ناچار دەکرا بۆ ئاغاکەی کاربکات. دواتر، ئەو زیادەیەی کە لە زیادبوونی ڕێژەی کۆیلەدا دەستدەخرا لەلایەن چینێکی نوێی خاوەن کۆیلەوە دەستی بەسەرداگیرا. بەڵام ئایا چۆن کۆیلەکان کۆنترۆڵدەکران و ناچاردەکران بە کارکردن؟ لە ڕێگەی زۆرەملێ و ناچارکردنە کۆنەکە. هەر تاکێك ئازاد و جەنگاوەر بوو.

بەرهەمهێنانی بەرهەمی زیادە فۆرمە کۆنەکانی کۆمەڵگای تێکشکاند، بووبە هۆکاری جیابوونەوەی چینەکان. بوونی ئەم چینانە ئەو دەزگایانەی دەخواست کە بۆ ناچارکردن و ملدانی چینێك بۆ

چینەکەی تر پێویستبوو. دەوڵەمەند و هەژار، خاوەن زەوی و کرێگرتە، قەرزدەر و قەرزار هەموو رووکاری خۆیان لە کۆمەڵگادا دروستکرد. ئەو هۆزانەی کە لە ڕیشەوە بەهۆی پەیوەندی خوێنییەوە یەکەی کۆمەڵایەتی بوون، دەستیانکرد بە هەڵوەشانەوە و لەبەریەك ترازان. دەوڵەمەندەکانی نێو هۆزە جیاوازەکان خاڵی هاوبەشی زیاتر و بەرژەوەندی زیاتریان پێکەوە هەبوو لەوەی لەگەڵ هەژارەکانی نێو هۆزەکەی خۆیاندا هەیانبوو.

## کۆمەڵگای کۆیلەداری

سەرەڕای ئەو هەموو ترس و تۆقانەی کە یاوەری ئەمەیکرد، سەرهەڵدانی کۆمەڵگای چین لەو کۆمەڵگانەی کە لەگەشەی زیاتردابوون بەشێوەیەکی گەورە لەپێشەوەچووندا بوو. بۆ یەکەمجار لەو کاتەوەی کە مرۆڤ لە مەیمونی جۆری (ئەیپ)ەوە گەشەیکرد، بەشێك لە کۆمەڵگا ئازادبوو لە کاری تەنها و تەنها دەستگرتن بە بوونەوە. ئەوانەی لەو کاتەدا خۆیان لە کار ئازاد کرد، کاتەکانی خۆیان بۆ زانست و فەلسەفە و کلتور تەرخانکرد. کۆمەڵگەی چین بە پیاوانی ئاینی و پلەدارانیەوە جۆرێك لە شارەزایی بەهرەداری وەکو کاری دەستییان لەگەڵ خۆیاندا هێنا. بەهانە مێژووییەکە و ئەرکی چینی باڵادەست ئەوەبوو هێزە بەرهەمهێنەرەکان پێشبخەن و لەوێوە کۆمەڵگە ببەنە پێشەوە. ڕێك لەم کاتەدابوو کە شارستانیەت سەریهەڵدا. پاشان دەزگا تایبەتەکان لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەستدا، دروستکران. هێزی پرچەکیان لە پیاو، بە ئامانجەکانیانەوە، دادگاکانیانەوە، جێبەجێکاران و ...هتد،ەوە بنیاتنا، هەروەها ئەو یاسا نوێیانە بوون بە پێویستی کە پێویستبوون بۆ پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتی بۆ ئەوانەی کە خاوەن کۆیلە بوون. دەوڵەت بە پاشکۆ و زیادەکانیەوە هاتە ئاراوە و ئازادی و یەکسانی خێڵە کۆنەکان توشی دواشکست بوویەوە. ئایدیا و ئەخلاقیاتی نوێ گەشەیانکرد بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ڕێکخستنە نوێیە کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکە. لە سەدەی حەوتی پێش زایندا، ئەریستۆکراتیەتی خێڵەکی یۆنان بووبە چینێکی باڵادەستی خاوەن کۆیلە لەگەڵ خاوەندارێتیکردنی زەویوزاریشدا. بەپێی فەیلەسوفی کۆنی یۆنانی، ئەرستۆ، زۆرینەی دانیشتوانی ئەتیکا بەکۆیلەکرابوون. لەگەڵ گەشەی دەوڵەت-شارەکاندا، بەرزبوونەوەی زیاتری کاردابەشکردن،

زیادبوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. نەك تەنها لەنێوان شارۆچکە و وڵاتاندا، بەڵکو لەنێوان بازرگانی و داراییدا، لەنێوان بازرگان و سوخۆراندا؛ توانایی دەستی نوێ سەریانهەڵدا لەگەڵ دەستەی هونەری زیاتر بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردنی چێژ و کلتوری چینی باڵا.

پاڵنەری دەوڵەت شارەکان لە کۆیلەی زیاتر و زیاتردا بووبەهۆی جەنگی بەردەوام. لە جەنگی دژ بە مەکدۆنیا لەلایەن ڕۆمانەکانەوە لە ساڵی 169ی پێش زایندا، بە تەنها لە ئیپیرەس حەفتا شار تاڵانکران و ڕوخێنران و پاشان سەدو پەنجا هەزار کەس لە دانیشتوانەکانیان وەکو کۆیلە فرۆشران. ئەمە لەکاتێکدا کە ئابوری و داهاتی کۆیلە وێرانکەر و لەکیسچووبوو، هەروەها بۆ مانەوەی، پێویستی بە کۆمەکێکی بەردەوامی کۆیلە هەبوو بۆئەوەی جێگای ئەوانەی پڕبکرێتەوە کە بریندار بوون یان کوژران. هەرچەندە، دووبارەبەرهەمهێنانەوە بە شێوە سروشتییەکەی لەنێو کۆیلەکاندا زۆر خاوبوو بەهۆی سنورداریتییەکەیانەوە، بۆیە تەنها میتۆدی پڕکردنەوە بریتیبوو لە داگیرکردن. هەرچەندە کۆیلە زۆر لە جوتیار کەم بەرهەمهێنەرتر بوو، بەڵام یری کەمتر لە تێچوونی هێشتنەوەیان بەرامبەر بە جوتیار وایکرد کۆیلایەتی بەسودتربێت. یەکگرتنەوەی کشتوکاڵکارە ئازادەکان وایکرد ژمارەیەکی زۆر بەرەو شارەکان هەڵبێن بۆپێکهێنانی ئەو کۆمەڵگا کۆیلانەی کە لە چینخراون و لە ژێر-چینەوە بوون (de-classed)

lumpenproletariat. ئەم چینەی دووەمیان پشتیی بە خێری چینە باڵاکان دەبەست، کە یارییە سێرکییەکانیان بۆ چێژ بۆ ئەنجامدەدان. لەم سەردەمەدا بوو کە بزوتنەوەی شۆرشگێریی مەسیحی دەرکەوت. بە شێوەیەکی ڕەسەن، گروپێکی سەرەتایی سێکتی کۆمۆنیزمی بە ڕقێکی قوڵەوە بەرامبەر بە ڕۆمانییە داگیرکەرەکان و خزمەتکاری دەوڵەمەندەکانیانەوە توانییان سەرکەوتنێکی گەورە بە پشتیوانی هەژار و چەوساوەکان تۆماربکەن. ئەم مەسیحییە شۆرشگێرانە بۆ ئەوە ئامادەکرابوون کە چینە باڵادەستەکان پروخێنن و "ئاسمان بهێننە سەر زەوی ."

بۆیە لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕاونران و بێبەزەی و بێرەحمانە بە بەهانەی خیانەت دژ بە ئیمپراتۆر کوژران. پاشان، مەسیحییەت دوای پاکبوونەوەی لە ڕقی بەرامبەر بە چین، بۆ پلەی ئاینی دەوڵەت بەرزبوویەوە. چینی باڵادەست، مەسیحیەتی وەکو چەکێك بۆ خەڵەتاندن و بێدەنگکردنی چینەکانی

خوارەوە بەکارهێنا بۆ ئەوەی وایان لێبکات بە بەش و پشکی زەمینی خۆیان ڕازی بن و هانی ئەوەیان بدات کە دەست بە وەهمەکانیانەوە بگرن سەبارەت بە ژیانێکی باشتر لە پاش مەرگ. هەتا خاوەن کۆیلەکان دەیانتوانی زیادەی زیاتریان لە خراپ بەکارهێنانی کۆیلەکاندا دەستدەکەوت، ئەوا بەفیڕۆدان و دەستنەگیری و زیرەکی و لوتبەرزی و بێ ئیشییان زیاتر دەبوو. هەڵگیرسانی جەنگەکان تا دەهات زیاترو زیاتر دەبوون لەپێناو زیادکردنی ڕێژەی کۆیلە لەڕێگەی داگیرکارییەوە، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان زیاد لە سنور خۆی درێژ کربوویەوە. جەنگەکان بەبێ جەنگاوەران ئەنجامنەدران و باشترین جەنگاوەرانیش بریتیبوون لە کشتوکاڵکاران. بەشێوەیەکی خێرا ئەم توێژە توایەوە و لەناوچوو، وە لە جێگایاندا، جاشی بیانییان بە پێدانی پارەیەکی زۆر دەهێنا. سەردەمی "کۆیلەی هەرزان" بەخێرای کۆتایی پێهات کە لەگەڵ خۆشیدا کۆتای بە ئیمپراتۆریەتەکانی کۆیلە هێنا. سەرەڕای شۆرشگێرە کۆیلەکان – کە بەناوبانگترینیان لەلایەن سپارتاوە پێشڕەوی کرا – بەڵام کۆیلەکان نەیانتوانی ئەوە بسەلمێنن کە چینی شۆرشگێر دەتوانێت کۆمەڵگا بەرەوپێشەوە ببات. وەك ئەوەی کە مارکس دەیوت، ململانێی چین "بە شێوەیەکی گشتی یان بە دووبارە بنیاتنانەوەیەکی شۆرشگێرانەی کۆمەڵگا یان بەوێرانبوونێکی هاوبەشی چینە ململانێکەرەکان کۆتایدێت". مارکسیستی ئەڵمانی "کارل کاوتسکی"، ئەوەیخستەڕوو کە "کۆچە گەورەکان" لێشاوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بەهۆی گروپە ئەڵمانییە دڕندەکانەوە، مانای زوو کاولبوونی کلتورێتی باڵای گەشەسەندوو نەبوو، بەڵکو مانای ئەنجامی کۆتایی شارستانیەتێك بوو کە خۆی لەسەرەمەرگدا بوو، وە هەروەها ئاماژەبوو بۆ فۆرمەلەبوونی بنەڕەتێك لە گەشەکردنی شارستانیەتێکی نوێ."

شارستانیەتە گەورەکانی کۆیلە هەنگاوێکی گەورەیان لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگادا سەرریخست. تووشی سەرسوڕمان دەبین لە بەرامبەر دەستکەوتە کلتورییەکانی میسرییە کۆنەکان و بابلیەکاندا. یونانی و ڕۆمەکان توانییان مەعریفەی زانستی بۆ چەندین پێگەی باڵا بەرزبکەنەوە. فەیلەسوف، هیرۆ، پرەنسیپ و بنەما سەرەکییەکانی مەکینەی هەڵمی دۆزییەوە. بەشدارییە داهێنەرانەکانی ئەرخەمیدس و پیساگۆراس و یوکلید، پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی بیرکارییان تا ئاستێك بردە پێشەوە

کە لە ڕێگەیەوە ئیتر سەرەتاکانی ئەندازیاری میکانیکی دەرکەوتن. سەرەڕای ئەمانەش، کۆمەڵگای کۆیلە گەشتە سنورەکانی خۆی و گەنینی ناوخۆی و پاشانیش هۆکارە دەرەکییەکان بوونەهۆی ڕوخانی.

## سەرهەڵدانی فیودالیزم

"دوا سەدەکانی لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و داگیرکردنی لەلایەن بەربەریەکانەوە بووبەهۆی لەناوچوونی ژمارەیەك لە هێزی بەرهەمهێنەر: کشتوکاڵ لاوازبوو، پیشەسازی لەبەردەم ویستی بازاڕدا شیبوویەوە، بازرگانی نەما یان بەشێوەیەکی توند بەهەڵواسراوی مایەوە، ژمارەی دانیشتوانی شار و دێهاتەکان کەمیانکرد". (کارل مارکس، ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی). بۆ چەند سەدەیەك، بەربەریەکان ئەوروپایان بەڕێوە دەبرد؛ لە ڕۆژهەڵات، گۆتەکان، ئاڵمانییەکان و هانەکان؛ لە باکور و ڕۆژئاوا و سکەندەناڤیا؛ لە باشوریش، عەرەبەکان. هەروەها لە داگیرکردنی ناوچەکانیاندا، شارۆچکەکانیان تاڵانکرد و لە ناوچە گوندنشینەکاندا سەقامگیربوون، لەو جێگەیەی کە بەهۆی کشتوکاڵی سەرەتاییەوە لێیدەژیان. لەم جڤات و کۆمەڵانەدا، سەرۆك گوندیان هەڵبژارد، هەرچەندە، بە تێپەڕبوونی کات، سەرۆك گوندەکان لەلایەن هەمان خێزانەوە دەستنیشاندەکران. سەرۆکی خێزانە خاوەن ئیمتیازەکە، پشتاوپشت دەبوو بە سەرۆکی سروشتی هەڵبژێردراو. گوندەکان لە جەنگی بەردەوامدابوون لەگەڵ گوندەکانی دراوسێیاندا، کە بە دابەشکردنی زەوی داگیرکراو و پێدانی گەورەترین بەشی بە سەرۆکەکە، کۆتایدەهات. لێرەوە، سەرکردەکە دەبوو بە بەهێزترین و خاوەنی زۆرترین موڵك لە جڤاتەکەدا. لەکاتی جەنگ و کۆششکردندا، سەرکردەکە گەرەنتی پاراستنی بە ئەوانە دەدا کە بەڵێنی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان دەدا و خزمەتی سەربازییان پێشکەش بە سەرۆك دەکرد. دواتر ئەم کشتوکاڵکەرانە دەیانتوانی لەبەرامبەر جۆرێك لە ستایش و تەقدیردا واز لە خزمەتی سەربازی بهێنن.

دەسەڵاتی لۆردەکانی ئەم گوندە بۆ گوندنشینەکانی دەورەبەر فراوانتر دەبوویەوە. "لۆردەکان قەرزداری دادپەروەری، کۆمەك و پارێزگاریکردن بوون لە بەکرێگیراوانی، پاشان ئەوانیش لەبەرامبەر پاشادا قەرزداری دڵسۆزی و ملکەچی دەبوون". (لافارگ، پەرەسەندنی موڵك). جەنگ و داگیرکاری بووبەهۆی زیاتر جیابوونەوەی ئەم پەیوەندییە دەرەبەگییانە. لۆرد و بارۆنەکان پێکەوە لەگەڵ پیاوە چەکدارەکانیاندا، هیرارشیەت و هەرەمێکی نوێی کۆمەڵایەتییان پێکهێنا، کە لەڕێگەی ئەو کارەوە بەهێزکرابوو، دەدرا بە ژێردەستەکانیان. وەك ئەوەی لافارگ ڕوونیکردەوە: "هەر زوو کە دەسەڵاتی خانەدانی فیوداڵ دروستبوو، لەبەرامبەردا، بووبە سەرچاوەی کێشە بۆ وڵات کە بەرگریکردنی درایە پاڵ. بارۆنەکان بۆ فراوانکردنی ناوچەکانیان هێزیان گەورەتر دەکرد، هەمیشە لەم پێناوەدا یەکتریان دەخستە شەڕی بەردەوامەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە ناوبەناو لەڕێگەی ڕاگەیاندنی هودنەوە (دۆخی نە شەڕ و نە ئاشتی) کە ئەویش بەهۆی کات و کاری جوتیاری و کێڵانی زەوییەوە بوو ئەگینا شەڕیان ڕانەدەگرت، ئەگینا هەمیشە لە جەنگی بەردەوامدابوون. ئەوەی نەدەکوژرا دەبەزێنرا، کتوپڕ و بەتەواوی لە هەموو خاوەندارێتییەك خاڵی و بێبەشدەکرا، وە دەبوون بە ژیردەستەی ئەو داگیرکەرەی کە دەستی بەسەر بەشێك لە خاکەکەیان و ژێردەستەکاندا دەگرت. وردە بارۆنەکان لەپێناو قازانجی بارۆنە گەورەترەکاندا ونبوون، ئەوانەی کە بوون بە فیوداڵی خاوەن زەوی شاراوە و پاشان دادگای پاشایی کە تێیدا ژێر دەستەکان ناچار بە بەشداربوون دەکران. کە پەیوەندییە فیوداڵییەکان پێگەیشتن، زۆربەی زەوی کێڵگەی ئەوروپا بەناوی مانۆرەکانەوە (کێڵگەی دەرەبەگ) دابەشبووبوون، هەر مانۆرێك لەلایەن لۆرد و پلەداری خۆیەوە خاوەندارێتی لێدەکرا کە ئەرکیان بەڕێوەبردنی موڵکەکان بوو. زەوی بە پیتی کشتوکاڵی بەسەر دوو بەشدا دابەشبوبوو، نزیکەی سێ بەشی موڵکی لۆردەکە بوو (کە پێیدەوترا دێمینز)، لەکاتێکدا ئەوەی دەمایەوە بریتیبوو لە یەك لەسەر سێ بەسەر ژێر دەستەکاندا، دابەشدەبوو. لەوەڕگا و تەختە و مێرگەکان وەکو زەوی کۆمۆن بەکاردەهێنران – کە لەڕاستیدا مانەوە (بقاء) یەکی سەرەتایی کۆمۆنیزمی بوو. ئامانج لە کشتوکاڵ هەنگاونانی گەورەی بەرەوپێشچوون بوو لەگەڵ داهێنانی "سیستەمی سێ کێڵگەیی" (کە بریتییە لە چاندنی دانەوێڵە

له وەرزی جیاواز جیاوازدا بە گوێرەی وەرزەکە و لەڕێگەی دابەشکردنی زەوییەکە بۆ سێ بەش.و.ك).
ژێردەستە و ملکەچەکان هەرچەندە، هاوبەشی دەکەن لە زەوییەکەدا، بەڵام پارچەپارچەبوونی زیاتری بەخۆوە بینی کە دابەشبوو بەسەر کێڵگەدا، کە مەبەست لێی ئاوەڕۆ و چاندنی بەرهەمهێنانی زۆر بوو.

ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەی کە لەسایەی دەرەبەگایەتیدا گەشەیکرد، بووبەهۆی سەرهەڵدانی چین و گروپیتر. چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکە لە ستراکتۆری هەرەمێك دەچوو، کە پاشا، ئەریتۆکراسی، پیاوانی کڵێسا و سەرۆك قەشە، سەرۆکی بوو. لە خوار ئەمانەوە، خاوەن مافە تایبەتەکانی وەکو بارۆنەکان، حاکمی شار، خانەدانەکان، ئەسپ سوارەکان، دەهاتن. لە پلەکانی خوارەوەی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکەدا، پیاوە ئازادەکان و خزمەتکار و ئەڵقە لەگوێ و کۆیلەکان دەهاتن.

نەك وەك ئەمڕۆ، کە جەستەی سەرەکی سەروەت و سامان لە کارگەکانەوە بەرهەمدێت، ئەو کات زەوی دەیتوانی نزیکەی هەموو پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمبهێنێت. بۆیە زەوی بووبە گرنگترین موڵك لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا. تاکو کەسێك زەوی زیاتری هەبوایە، ئەوا هێز و دەسەڵاتی زیاتریشی دەبوو. چینی باڵادەست دەستیان بەسەر زەوییەکاندا گرتبوو، ئەو زەوییانەی کە ژیانی جوتیارانی لەسەر بەندبوو. بەشێوەی تیۆری، پاشا خاوەنی هەموویان بوو، بەڵام لەڕاستیدا هەندێك ناوچە و زەوی فراوان بەخشرابوون بە حاکمان، ئەو حاکمانەی کە موڵکی بەکرێدانیان لە بەرامبەردا پێدەخشین، وە ئەوانەی کە ژمارەیەکی زۆری ژێردەستەیان هەبوو، زەوی کەمتریان پێدەدرا. دەبوو هەموو خزمەتیان پێشکەش بە باڵاکانیان بکردایە لە زەمانەتکردنی کرێی پیاوە چەکدارەکان، هتد.

جوتیار کرێچی لۆرد بوو، نەك وەك کۆیلە کە خاوەنی هیچ شتێك نەبوو. جیاواز لە کۆیلە، جوتیار بەرژەوەندییەکی یاسایی لەو پارچە زەوییەدا هەبوو. مافی زیاتری لە کۆیلە هەبوو: نەدەتوانرا

بفرۆشرێت (تەنانەت خێزانەکەشی نەدەفرۆشرا)، هەندێك سەلامەتی بۆ دابینکرابوو، هەرچەندە، ڕێژە و پلەی جوتیاری و ئەرکەکانی گۆرانیان بەسەردا دەهات. لە بەرامبەر ئەم مافانە و زەوییەکەدا، جوتیارەکە ناچار دەکرا بۆ چەند کاتێك لە هەفتەکەدا بۆ لۆردەکە کار بکات، ئەمە بەبێ ئەوەی لەبەرامبەردا هیچی پێبدرێت. داخوازی خزمەتگوزاریتری لە کاتی دروێنەدا لێدەکرا (لە ڕۆژانی خێروبەرەکەتدا)، هەروەها هەر کاتێك کە لۆردەکە پێویستی بە کۆمەك و هاوکاری هەبوایە، ئەوا دەبوایە ئەو پێویستییانەی لۆردەکە یەکەمین شت بن بۆ بەدیهێنان. جوتیارەکە بۆینەبوو زەوییەکە جێبهێڵێت، وە ئەگەر منداڵەکانی هاوسەرگیرییان ئەنجامبدایەت لە دەرەوەی ئەو شوێنە، ئەوا پێویستی بە ڕوخسەتی لۆرد دەبوو، ئەگەرنا، مافی جێهێشتن و کارنەکردنی لەسەر زەوییەکەی بۆ ماوەیەکی کەمیش نەبوو. باج بەسەر میراتی جوتیارەکەدا سەپێنرابوو، هەروەها میراتگریی ژن پێویستی بە مۆڵەتی سەرگەورەی دەرەبەگەکان هەبوو. ڕێکخستنی نوێی کۆمەڵایەتی کە بنەڕەتەکەی خاوەندارێتی زەوی بوو، بووبەهۆی سەرهەڵدانی پیشکەوتنی زیاتر لە هێزی بەرهەمهێنان. ئەو بەها زیادەیەی ئەمجارە کە لەلایەن کاری جوتیارەوە بەرهەمدەهات لەلایەن چینی ئەریستۆکرات و چینی باڵادەستی پیاوانی ئاینییەوە دەستی بەسەردا دەگیرا. بە دەربڕینی مێژوونووس، مێلی: ڕاستییەکی ئاشکرای ئابورییە کە ڕێژەی بەرهەمهێنان زیاتر دەبێت، کاتێك دەستورێکی ئازادتری کۆمەڵگا، کرێکارەکان لە بەشی زیاتری زامنکراوی بەرهەمی کارەکەیان، دڵنیادەکاتەوە. بە دەربڕینێکیتر، فۆرمە کۆمەڵایەتییە ئازادترەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر هاندانی بەرهەمهێنان هەیە." بەهۆی جیابوونەوەی چینە نوێکانەوە، فۆرمی نوێی دەزگای دەوڵەت لەپێناو پاراستنی فۆرمەکانی موڵکی دەرەبەگایەتیدا، لەدایك بوون. ئەخلاقیات و ئایدۆلۆژیای نوێ کە لەم فۆرمانەوە سەریانهەڵدا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێکەوە گرێدایەوە. کەنیسە کە هەمیشە لە بەهێزتربووندا بوو، بنەڕەت و ڕیشەی ڕۆحییان خستە پاڵ ڕێکخستن و نەزمە نوێکە و هەروەها پاپاکان لە پاشا و ئیمپراتۆر بەهێزتربوون، کە بەڕێژەی نزیکەی سێ و نیو لەسەر چواری لە پشکی خاکی مەسیحیەتی لەژێردەستدا بوو.

ئەو باج و سەرانەیەی کە کۆدەکرایەوە دەیکردە دە لە سەدی هەموو داهات و شمەك و هتد. بەشێوەیەکی گشتی، دەرەبەگایەتی لە سەنتەرەوە بە لاوازی مایەوە تاکو سەرهەڵدانی پاشایەتی موتڵەق لە سەدەی شازدەدا. سەرئەنجام، جەنگی بەردەوامی بارۆنەکان ناوچە پەراوێزەکانی هەژاند کە تێیدا بارۆنە چەتەکان هێز و دەسەڵاتی خۆیانیان بنیاتنابوو، لەگەڵ ئەوەشدا بوبون بە مەترسی لەسەر پاشایەتی ناوەند (مەرکەزی).  ململانێی پاشایەتی ناوەند بۆ ملکەچکردنی ناوچەکانیتر، یەکێك بوو لە تایبەتمەندییە دیارەکانی سەردەمەکە. کۆتا بەزین و شکستی ئەم لۆردانەی ژێر قەڵەمڕەوی پاشایەتی لەگەڵ کۆشش و جەنگە بەردەوامەکەیاندا، ڕێگای بۆ گەشەکردنی بازرگانیانی خۆشکرد بۆ ئاستێکی بەرزتر. بازرگانی لە ئاستێکی نزمدابوو. ئەوە زەوی بوو کە لە ڕاستیدا بەشێوەیەکی فیعلی توانی هەموو شتێك بەرهەمبهێنێت. ئەوە ئابورییەکی سروشتی بوو بەرەو ئیکتیفای زاتی. هەرچەندە، لەگەڵ دەرکەوتنی خاچپەرستەکاندا، هەروەها هەوڵەکانیان لەپێناو خاکی پیرۆزدا، پێداویستی نوێ سەریانهەڵدا، وە ئەو بازرگانانەی کە ئەم پێداویستییانەیان دابیندەکرد، دەستیانکرد بە دامەزراندنی پێشانگای گەورە لە فەڕەنسا، بەلجیکا، ئینگلتەرا، ئەڵمانیا و ئیتالیا. ئەم پێشانگا کاتییانە ڕۆڵێکی گەورەیان لە گەشەی بازرگانی ئەوروپادا بینی، وە هاوکاری دروستبوونی چینێکی بەهێزی بازرگانە دەوڵەمەندەکان بوو. پەیوەندی پارە دەستیکرد بە داخورانی چاکەتە ڕێکەکەی بەر کۆمەڵگای دەرەبەگ. گەشەی شارۆچکەکان دەست لەناو دەست لەگەڵ گەشەی بازرگانیدا ڕوویدا. چینی بازرگانان کە لە شارۆچکەکانەوە سەریانهەڵدا، توشی بەرکەوتن بوونەوە لەگەڵ ستاندارده نەریتییەکان و کۆت و بەندەکانی دەرەبەگایەتیدا. بۆ نموونە، کەنیسە مامەڵەکردنی لەگەڵ سودا بە تاوان دەبینی، وە بڕیاری دەرکردنی هەر کەسێکی لە کەنیسە دابوو کە مامەڵە بە سووەوە دەکات.

لیۆ هیوبەرمان، لە کتێبە زۆر باشەکەیدا بەناوی "شمەکە زەمینییەکانی مرۆڤ"، سروشتی بەیەکدادانەکەمان بۆ باس دەکات: "سەرتاپای ژینگەی دەرەبەگایەتی، ژینگەی لە قاڵبدان و سنوردارکردن بوو، لەکاتێکدا، سەراپا ژینگەی چالاکی بازرگانی ژینگەی ئازادی بوو. زەوی

شارۆچکەکان موڵکی لۆردە دەرەبەگەکان، قەشەکان، خانەدانەکان و پاشاکان بوون. سەرەتا، ئەم لۆردە دەرەبەگانە بە بێ جیاوازی چاویان بڕیبووە سەر زەوی شارۆچکەکانی خۆیان وەك چۆن چاویان بڕیبووە زەوی ناوچەکانی دیکەش. هەموو ئەم فۆرمانە (حاکمیەتی دەرەبەگایەتی، باج دانان و خزمەتگوزاری) دەرەبەگانە بوون، کە پشتیان بە خاوەندارێتی زەوی و زار بەستبوو. وە گۆڕانی ئەم فۆرمانە لەو کاتەوە گۆڕانی بەسەرداهات، بایەخەکە گۆڕا بۆ سەر شارۆچکەکان. دەستورویاسا و دادپەروەری دەرەبەگایەتی وەکو داب و نەریت چەسپیبوو، بۆیە گۆڕانیان زۆر زەحمەت بوو. بەڵام بازرگانی بە سروشتی خۆی چالاکە، توانای گۆڕانی شتەکانی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا ئارامی خۆراگرتنی نییە لەبەرامبەر سنورە داخراوەکاندا. لەبەرئەمەش بوو کە نەتوانرا بازرگانی لە چوارچێوە دەرەبەگایەتییە توندەکەدا ڕامبکرێت. بۆیە پێویستبوو تەحەدای پەیوەندییە کۆنەکان بکرێت بۆئەوەی بگۆڕدرێن. شارۆچکەکان دەستیانکرد بە داواکردنی ئازادی و سەربەخۆی، وە بەرەبەرە دەستوری شارۆچکەکان، هەندێکیان لەڕێگەی ڕێککەوتنەوە و هەندێکیتریان لەڕێگەی زەبر و هێزەوە، ملکەچکران. خودی بازرگانی بووبەهۆی سەرهەڵدانی فۆرمی نوێ لە سامان. چیتر زەوی تەنها سەرچاوەی هێز و ئیمتیاز نەبوو، چونکە ئەوەی کە پارە لە بازرگانیدا بەدەستی دەهێنێت، گەلێك لە زەوی گرنگتربوو. لە شارۆچکەکاندا دەوڵەمەندی سامانداری ئۆلیگارشی لە دایکبوو کە لە ڕێگەی سیستەمی سەندیکا (نقابە)وە هەم دەستی بەسەر بەرهەمهێنانی تاکدا گرت و هەم گۆڕیشی. لەگەڵ کار دابەشبوونی زیاتردا، سەندیکای پیشەوەران دامەزرا کە لە سەرۆکی سەندیکا و شاگردەکان و کرێکارە لێهاتوو و شارەزاکان پێکهاتبوو. وە تاکو سامانی زیاتر و زیاتر بەرهەمدەهات، سەرۆکی سەندیکاکان ( خاوەنکاران) کەوتنە بەرداشی ململانێیەکی توندەوە لەگەڵ کرێکارە بەهرەدارەکاندا. لە سەدەی پانزەدا، یەکێتی کرێکاران بەشێوەیەکی فیعلی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دامەزرا .

داهێنانی ئابوری پارە (کە تایبەتمەندییەکی زۆر بچوکی کۆمەڵگای کۆیلە بوو) بەهێواشی سیستەمی دەرەبەگایەتی لاوازکرد. یاسا و داب و نەریتەکان بەو شێوە گۆڕان کە بتوانن خزمەت بە

پێشکەوتنە نوێکە بکەن و تەبابن لەگەڵیدا. لەگەڵ هەڵهاتنی جوتیارەکان بۆ شارۆچکەکان لەپێناو دەستکەوتنی سامان، بەهای پارە پەیوەندییە کۆنەکانی بەرزکردەوە، کرێی کار گۆڕا بۆ موڵکی بەکرێگیراو. کاریگەری نەخۆشی تاعونی ڕەش، لە سەدەی چواردەدا، گوری زیاتری بەم پرۆسەیەدا. مێژوونوسان مەزەندەی ئەوە دەکەن کە لەنێوان 30 بۆ 50 لەسەدی دانیشتوانانی ئینگلاند، ئەڵمانیا، وڵاتە نزمەکان و فەڕەنسا، بەهۆی تاعونە گەورەکەوە لەناوچوون. لەبەرامبەردا، ئەمە بووبەهۆی کەمبوونەوەی یەك لەدوا یەکی کار، خاوەن زەوییەکانی ناچارکرد کرێی دەستی کار لەپێناو زاڵبوون بەسەر گرانی و زەحمەتییەکاندا، دابهێنن.

## سەرهەڵدانی پاشایەتی موتڵەق

وەك ئەوەی دەزانین دەوڵەت-نەتەوە هەمیشە بوونی نەبووە. مەیل و پەیوەندی خەڵك لەگەڵ دەوڵەتدا نەبووە، بەڵکو لەگەڵ لۆرد و شارۆچکە و ناوخۆ و سەندیکادا بووە. خەڵکی خۆیان بەفەڕەنسی و ئینگلیز و هتد، لەقەڵەم نەداوە، بەڵکو خۆیان لەگەڵ شار و شارۆچکەکاندا ناسیوەتەوە. هەموو مەسیحییەك ئەندامی کەنیسەی کاتۆلیکی ڕۆم بوو، کە فەرمانڕەوایی خاکی قەڵەمڕەوی مەسیحی دەکرد، وە بەهۆی ئەمەشەوە، گەورەترین هێزی بەسەر هەمواندا هەبوو. لەگەڵ گەشەی سامان لە شارۆچکەکاندا، چینێکی سەرمایەدار سەریانهەڵدا، ئەمانە ئەو هەلومەرجانەیان خواست کە گونجاوبوون بۆ گەشەیەکی ڕێلێنەگیراوی بازرگانی. ڕێکخستن و ئاسایشیان دەویست. ململانێی سەربەخۆیی شارۆچکەکان لەدەستی سەرگەورە دەرەبەگەکان، شەڕو پێکدادانی نێوان بارۆنە ناوخۆییەکان، ئەو دزی و تاڵانییەی کە بە دوایدا هات، هەموو پێکەوە هۆکاری سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی ناوەندی (مەرکەزی) بوون کە بیتیبوو لە دەوڵەت-نەتەوە. بگرەو

بەردەی نێوان پاشایەتی ناوەندی و بارۆنە گەورەکان ( کە ململانێی نێوان دوو بەشی چینی فەرمانڕەوا بوو) بە سەرکەتنی پاشا کۆتایی پێهات. پاشا لەلایەن دەوڵەمەند و چینی ناوەڕاستەوە پشتگیریکرا، کە هەڵسان بە تەرخانکردنی پارە بۆ دروستکردنی ئەو هێزە چەکدارەی پێویستبوو. سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوە پێکەوە لەگەڵ پاشایەتی ناوەندیدا ریگای بۆ گەشەی ئابوری گەورەتر خۆشکرد.

لەبەرامبەر هاماهەنگییەکەیاندا، پاشا مافی مۆنۆپۆڵکردن و ئیمتیازاتی بە هەندێك لە بەشی چینی ناوەڕاستدا، وە قۆناغی دواتر ئامادەکرابوو بۆ بەریەککەوتنی نەتەوە-پاشا و بەرژەوەندییەکانی کەنیسەی نێودەوڵەتی. کۆتایی سەدەی 15 ، سەرەتای گەشتی دۆزینەوەکانی بەخۆوە بینی. پیاوانی وەکو کۆلۆمبەس و ڤاسکۆ داگاما، لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە پشگیری داراییان دەکرا لەپێناو دۆزینەوەی خاکی نوێ بۆ قۆرخکردن و "بڵاوکردنەوەی وشەی خودا". کۆمپانیا سەرمایەدارییە هاوبەشەکان لە پێناو بایەخدان و زیادکردنی داراییەکی مەزنتری قۆرخکردن، هاتنە دامەزراندن، کە ئامانجیان تاڵانچێتی و قازانج بوو. لەگەڵ قازانجە زەبەلاحەکانی گەشتەکانی دۆزینەوەدا، زۆر دەوڵەمەند و سەرمایەدار بوون بە چەق و سەنتەری هێز و سامان. خانەدان، ئەریستۆکرات و پاشاکان بوون بە قەرزداری بازرگانە دەوڵەمەندەکان. خێزانێکی خاوەن بانك، فوگۆرسەکان، تەنانەت دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو پریار لەسەر ئەوە بدەن کە کێ دەبێت بە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆم! گەشەکردنە نوێکانی ئابوری ڕێگاخۆشکەربوون لەبەردەم دروستبوونی پێکهاتەیەکی سەرمایەدارانەدا. لەگەڵ گەشەی هێز و سامانی بۆرژوادا، بنەڕەتی ئابوری دەرەبەگ دەستی بە هەڵوەشانەوە کرد. لەم پەیوەندییە نوێیانەوە، بەها و ئایدیا و فەلسەفە و ئەخلاقیاتی تازە پەرەیانسەند. چینی باڵادەستی کۆن کەلەڕەقانە بەرگرییان لە گۆڕانەکان دەکرد. وەك مارکس ڕوونیکردەوە: "لە قۆناغێکی دیاریکراودا لە گەشە، هێزە بەرهەمهێنەرە ماتریالییەکانی کۆمەڵگا دەکەونە بەر بەیەکدادان لەگەڵ پەیوەندی هێزە هەنوکەییەکانی بەرهەمهێنان یان – ئەمە بە زاراوە

یاساییەکەی دەربڕی هەمان شتە – لەگەڵ پەیوەندییەکانی خاوەندارێتیدا لەنێو ئەو چوارچێوەیەی کە تائێستا خستویانەتەکار.

ئەم پەیوەندییانە، لە فۆرمەکانی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە، دەبێت بە کۆت و بەندیان. پاشان سەردەمی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات". دواتر، مارکس ئەمەی بۆ زیاد دەکات: "هیچ ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی ناڕوخێت پێش ئەوەی هەموو ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانەی کە شیاوە بۆی و گەشەیانکردووە، نەڕوخێن، هەروەها پەیوەندی نوێی باڵای بەرهەمهێنانی دیکە هەرگیز ناتوانێت جێگەی پەیوەندییە کۆنەکان بگرنەوە تاکو ئەو هەلومەرجە ماتریالیانەی کە پێویستن لە چوارچێوەی کۆمەڵگا کۆنەکەدا، گەشە نەکەن و پێنەگەن. کۆمەڵگا کۆنەکە لەماوەی سەردەمەکەی پێشوودا کەوتە بەر هێرش و لاوازبوون. لەوانەیە یەکێك لە گەورەترین تەحەداکان لەبەرامبەر ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە کۆنەکەدا بریتی بوبێت لەو هێرشەی کرایە سەر کاتۆلیسیزم. لەو سەردەمەدا، کەنیسە بە تەنها دەزگایەکی ئاینی نەبوو، بەڵکو سەنگەر و قەڵای سەرەکی پاراستنی ڕیکخستنە کۆمەڵایەتییەکەشبوو. جگە لەوەی کە خاوەن زەوییەکی بەهێزبوو، لەهەنکاتدا، باجێکی زۆری لە هەموو کەس کۆدەکردەوە، دادگا و مافی تایبەتی خۆی هەبوو، دەستی بەسەر پەروەردەدا گرتبوو وە شێوی بە ڕووکاری سیاسی و ئەخلاقی خەڵك بەخشیبوو. وەکو ئەوەی جارێك چارلسی یەکەم دەڵێت: "لەکاتی ئاشتیدا، خەڵك هێندە لەلایەن مینبەرە ئاینییەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکرێن هێندە لەلایەن شمشێرەوە فەرمانڕەوایی ناکرێن". کەنیسە سانسۆری کتێبی کردبوو، هەروەها ئەو هەڕەشەیەی بەکاردەهێنا کە گەر هاتوو کەسێك لە یاسای کڵێسا دەربچێت ئەوا لە کڵێسا بەدەر بکرێت. دەوترێت ئەم سەردەمە سەردەمێکی زۆر ئاینی بووە، بەڵام ئەم زیاڕۆییە هەڕەمەکانە لەلایەن مێژوونووسانەوە فویتێکراوە. ئاین هێندەی پاساوهێنانەوەبوو بۆ دەستگرتن بە ڕیکخستنە کۆنەکەوە، هێندە بۆ ئەوە نەبوو خەڵك لەژێر ئامۆژگارییەکانی ئینجیلدا بەردەوامێتی بە ژیانیان بدەن. هەموو شتێك، بە فکری سیاسیشەوە، بە زارەوە ئاینییەکان دەردەبڕان و تەعبیریان لێدەکرا. ئەوانەی کە خوازیاری هێرشکردنە سەر سیستەم و کەمنرخاندنیان هەبوو، پێویستیان بەوەبوو هەر لە سەرەتاوە

بەرامبەر بە مۆنۆپۆڵی کاتۆلیسیزم بوەستنەوە. لە سەرەتای سەدەی شازدەوە، پاشایەتییە ڕەهاکان کەوتنە ململانێوە لەگەڵ کەنیسەی کاتۆلیکدا. چاکسازی پرۆتستانتەکان کە لەلایەن "لوسەر"ەوە ڕابەرایەتیکرا، چەکی پێشکەشکرد بەرامبەر بە هێزی پاپایی. لە ئینگلاند، هێنری هەشتەم جەنگی دژ بە کاتۆلیسیزم بەرپاکرد و هەڵیکوتایە سەر سەروەت و سامان و شوێنە ئاینییەکانیان، کە لە جەنگە گرانەکانی ئەوروپا و ئایرلەنداوە بڵاوبوبویەوە.

## شۆڕشی سەرمایەدارانە

هەمەچەشنیی پیوریتانیزمی کالڤین (ڕێبازێکی پشت بەستوبوو بە کارەکانی جۆن کالڤن لە ئینگلاند کە زۆر کاریگەری لەسەر کەلتوری پیوریتانیزم هەبوو. و.ك) لەگەڵ ئەخلاقیات و ڕووکاری ئەو چینی ناوەڕاستەی کە لە شارۆچکە و وڵاتدا لە سەرهەڵداندابوو دەگونجا، لەگەڵ پێداگیری لەسەر پشت-بەخۆبەستن و سەرکەوتنی کەسیدا. لەو ساتەدا چینی ناوەڕاست پاش خۆگونجاندن لەگەڵ بەڵای هەڵئاوسانی دراو لەنێوان ساڵانی 1540-1640ئامادەبوو بۆ خێرا هەستانەوە ، کە تێیدا نرخ چوار هێندە بەرزبویەوە و ململانێی لەگەڵ چینی باڵادەست و فەرمانڕەوادا لە هەڵکشان و بەرزبونەوەدابوو. لە ئینگلاند، ململانێی نێوان بۆرژوای نوێ و ڕیکخستنە کۆنەکە شێوەی جەنگی ناوخۆی لەخۆگرتبوو. سوپای نمونەیی ئۆلیڤەر کرۆموێڵ ڕابەرایەتی چینی ناوەڕاستی کرد بۆ ململانێی چەکداری دژ بە پاشا و ڕێکخستنە کۆنەکە. لە ساڵی 1649، لە ملی پاشا درا و کۆمارێکی سەرمایەداری ڕاگەندرا. کرۆموێل، بۆ پشتگیری پشتی بە سوپا دەبەست، خۆی وەکو سەرۆکی سوپای دیکتاتۆری بۆناپارتیست (ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیبوو کە لەلایەن ناپلیۆن بۆناپەرتەوە درێژەی پێدرا) دامەزراند. توخمەکانی دیموکراسی باڵی چەپ و پشتیوانانی ( یەکسانی خوازان و پرۆتستانتە ڕادیکاڵەکان)، کە هەڕەشەبوون لەسەر مافی موڵکایەتی سەرمایەدارانە، پێویستبوو بێبەزەییانە دابمرکێنرێتەوە. لەو کاتە بە دواوە ڕژێمەکە پشتی بە بنەڕەتێکی بەرتەسکی کۆمەڵایەتی بەست – کە هێزە چەکدارەکان بوو. ڕژێمی سەرمایەداری لەژێر ئەم هەلومەرجە قەیراناوییە ڕەخنەییانە خۆی بۆ مۆدێلی فەرمانڕەوایی بۆناپارتیستی تاکەکەسی بچوککردەوە. ستراکتۆرە دەرەبەگیەکان لەگەڵ کۆشکی

لۆردەکان و پاشایەتیدا لەبەریەك هەڵوەشانەوە. چینی باڵادەستی پێشو بەزێنرا، هەروەها چینە نزمەکان لە شوێنەکانی خۆیان مانەوە.

ململانێی پەرلەمانتارەکان دژ بە پاشا لەلایەن مێژوونووسان و تەنانەت هەندێك لە هاوچەرخەکانەوە وەکو ململانێ دژ بە ستەمکار و لەپێناو ئازادیی ئاینیدا دەبینرا، بەڵام وەکو ئەوەی مارکس دەڵێت: "هەر وەك ئەوەی کە کەسێك ناتوانێت بەو شێوەیە بڕیار لەسەر کەسێك بدات وەك ئەوەی کە بیر لەخۆی دەکاتەوە، کەواتە کەسێك ناتوانێت بڕیار لەسەر سەردەمێکی لەم چەشنەی گواستنەوە لەڕێگەی ئاگاییەکەیەوە بدات، بەڵام بەپێچەوانەوە، پێویستە لەڕێگەی دژیەکی ژیانی ماتریالییەوە ئەم ئاگاییە ڕوونبکرێتەوە، لەو بەربەرەکانێیەی لەنێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا هەیە. یەکێك لە سەرکردەکانی شۆرشی ڕوسی، لیۆن ترۆتسکی، جارێك دەڵێت: "هەمیشە شۆرشگێرەکان لەمێژوودا دژە-شۆرش بەدوای خۆیاندا دەهێنن. هەمیشە دژە-شۆرشەکانیش کۆمەڵگا دەگەڕیننەوە بۆ دواوە، بەڵام نەك هێندە بۆ دواوە کە خاڵی دەسپێکی شۆرشەکە بووە". بۆیە لەساڵی 1660-1689 بۆرژوای گەورە پەلەپەل دەستیکرد بە سازشکردن لەگەڵ توخمەکانی "بۆرژوا"ی ئەریستۆکراسی. پاشایەتی و کۆشکی لۆردەکان گەڕێنرابونەوە، هەرچەندە لەو کاتە بەدواوە هەرگیز نەیانتوانی هەمان ڕۆڵی پێشینەکانیان ببیننەوە، بەپێچەوانەوە، بوون بە بەشێك لە دەوڵەتی سەرمایەداری. پیاوانی موڵکداری بۆرژوا نیگەرانی خۆیانیان بە داهاتووەوە بەستبووەوە، هەروەها هێشتنەوەی ڕێکخستنە نزمەکان لەجێگەی خۆیاندا لەگەڵ هێز و دەسەڵاتیاندا کە بە وریاییەوە لەژێر چاودێریدابوون. دوای سەد ساڵ، شۆرشگێریی فەڕەنسیی سەرمایەداری بۆ گەشتن بە کۆتایی بەردەوامێتی هەبوو بەبێ ئەوەی هیچ سازش و تەنازولێك بکرێت. شۆرشی فەڕەنسی وەکو هاوشانە ئینگلیزەکەی، بە پەرتبوون و داپڕنێك لە چینی باڵادەستەوە دەستپێکرد. پاشا و وەزیرەکانی کەوتنە ناکۆکییەوە لەسەر سیاسەت و پۆلیسییەك بۆ دورکەوتنەوە لە مایەپوچی (موفلیس) دەوڵەت لەگەڵ پەرلەماندا (کە خانەدانێتی دەنوێنێت، ئاینداری باڵا، دەستەی دادگا و هتد.). داوای دووەمیان دژ بە ستەمکاری حکومەت بووەهۆی کوشتارێکی

پیشبینی نەکراو و ئاژاوەگێری لە شەقامی شار و شارۆچکەکاندا. دامرکاندنەوەی نیگەرانیی ڕێکخستنەکانی چینەکانی ناوەڕاست و خوارەوەی دژ بە ڕژێمەکە بەدوای خۆیدا هێنا.

جۆرج رود دەڵێت: "هەڵسانەوەی خانەدان"، لەوانەیە پەردە-لادەر بێت زیاتر لەوەی شۆڕشێك بێت کە بە کۆمەکی چینەکانی ناوەڕاست و خوارەوە بە کردەیەکی هاوبەش دژ بە ئەریستۆکراتیەتی پاشا، کردەیەکی ناوازە بێت لە ئەوروپای هاوچەرخدا". لەسەروی هەموشیەوە، سەرەڕای هەوڵەکانی ڕیفۆرم، نەیانتوانی ڕێگری بکەن لەسەرهەڵدانی شۆڕش لە خوارەوە. وەك لە هەموو شۆڕشە پۆپیولار و باوەکاندا خەڵك بەسەر شانۆی مێژوودا دەتەقنەوە. خۆبەختکەرترین هاتە پێشەوە و بۆ دوور پاڵی بە شۆڕشەوەنا. ڕژێمی دەرەبەگایەتی کۆن و ئەریستۆکراتیەت لەنێوان ساڵانی 1789 و 1793 دا، بەتەواوی ڕامالران. ڕژێمەکە لەلایەن شۆڕشگێرانی چینی ناوەڕاستەوە سەرکردایەتی دەکران، جاکۆبییەکان، کە لەلایەن خەڵکی عامەوە پشتگیری دەکران کە پێکهاتبوون لە کرێکارانی کرێی دەست و بەرهەمدارە بچوکەکانی کاری دەستی. گۆرانێك لە ساڵی 1794 لەلای ڕاستەوە روویدا لەگەڵ حکومەتی فرە سەرۆك و دەستەجەمعییەوە کە دەهاتە سەر دەسەڵات. ئەمە لەبەرامبەردا ڕێگای بۆ دژە-شۆڕشێکی سیاسی خۆشکرد، کە چەشنە ڕژێمی یاسا و ڕیکخستنی ناپلیۆن پۆناپەرتی هێنایە سەر دەسەڵات. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێکخستنە کۆنەکە تێکشکێنرا، هەروەها مافەکانی بۆرژوایی موڵکایەتی وەکو خۆیان مانەوە. گۆرانی هێزی سیاسی بە گۆرانێکی کۆمەڵایەتی ڕوولەدوا هاودەمی نەکرا، بەو مانایەی، بۆ دوا گەڕانەوەی بۆ ڕێکخستنی دەرەبەگایەتی نەهێنایە ئاراوە، بەڵام گۆرانێکی سیاسی بوو کە لەڕێگەی بەشە جیاوازەکانی چینی سەرمایەداری خۆیەوە سەرریخرا.

## سەرکەوتنی سەرمایەداری

شۆڕشە گەورەکانی بۆرژوازی ڕێگای بۆ هاتنی سەرمایەداری خۆشکردبوو. گۆرانەکانی کشتوکاڵ، لەو جێگایەی کە موڵکی دەرەبەگایەتی کۆن هەڵوەشابویەوە و بەسەر جوتیارەکاندا دابەشکرابوو،

گەشەی کشتوکاڵی سەرمایەداری دڵنیاکردبووەوە. لە ئینگلاند، گۆرینی بەشێك لە ئەریستۆکراسی پێش شۆڕشەکە، زەمینەی بۆ وێرانکردنی ژیانی جوتیاری خۆی سازکردبوو. ئێستا حکومەتەکان لە جیاتی ئەوەی وەکو ئامێری جوڵاندن و وەستاندنی بازرگانی و پیشەسازی کار بکەن، فیعلییەن بوبوون بە پاڵەوانی هۆکارەکەی. لەڕیگەی دزی و چەتەیی، پەرژینکردن و تاڵانکردن و پێشبڕکێوە، تاکو دەهات ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەستی ژمارەیەکی کەمتر و کەمتردا دەمانەوە. کاولبوونی جوتیاری هێزیکی زۆری کاری لە شار و شارۆچکەکاندا خستەوە. ستراکتۆری چین ساکارتر بوویەوە. لەسەرێکەوە سەرمایەدارەکان بوون و لە سەرەکەی ترەوە پرۆلیتاریا بێ موڵکەکان بوو. هەموو ئەوەی کە ئەم کرێکارانە خاوەندارێتییان لێدەکرد، بریتیبوو لە توانای کارکردنیان. تاقە ڕێگای ژیان و مانەوەیان، فرۆشتنی هێزی-کاریان بوو بە سەرمایەدارەکان لەبەرامبەر وەرگرتنی کرێی کار و دەستیان. بەهای بەرهەمهێنانەی ئەوەی پرۆلیتاریا لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەرهەمی دەهێنێت لەو بەهایە زیاترە کە لەبەرامبەریدا وەکو کرێ وەریدەگرێت، بەهای زیادەی کار و بەرهەمەکەی لەلایەن سەرمایەدارانەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت. لە گەڕانیدا بەدوای قازانجدا، لەنێو پێشبڕکێی ڕکابەرەکاندا، چینی سەرمایەدار ناچارە بە داهێنانی میتۆدی نوێی بەرهەمهێنان، لەم ڕەهەندەوە، سەرمایەداری هەمیشە بە شێوەیەکی مێژووی ڕۆڵێکی بەرەوپێشبەرانەی بینیوە لە بەرپاکردنی شۆڕش لە هێزەکانی بەرهەمهێناندا. هەناردەکردنی کاڵاکانی و پاشان سەرمایە ڕابەرایەتی چینی سەرمایەدار دەکات لە دروستکردنی "جیهانێك لەسەر وێنەی خۆی". بەرەبەرە هێزەکانی بەرهەمهێنان و تەکنیك و زانست لە قەبارەی ئەو دەوڵەت نەتەوەیە گەورەتر بوون کە پێشتر دەیپاراستن.

**ئیمپریالیزم**

ماوەی نێوان 1870 بۆ 1900 دابەشبوونی جیهانی لەنێوان هێزە سەرەکییەکاندا بەخۆوە بینی. لە ساڵی 1870دا، یەك لە دەی ئەفریقا دابەشبوو: لە 1900دا نۆ لە دەی "کیشوەرە تاریکەکە" لە دەستی بەریتانیا، فەرەنسا یان یەکێك لە ئیمپراتۆریەتە ئەوروپییەکاندا بوو. لە ساڵی 1914دا ئەم

دابەشبوونەی جیهان کۆتایی پێهات، وە سەرمایەداری گەشتە باڵاترین قۆناغی ئیمپریالیزمی خۆی. متمانە و مۆنۆپۆلی گەورە لە ماوە سەرەتاییەکەی پێشبڕکێکە هاتەگۆرێ. "دەوڵەت زیاتر و زیاتر بە مۆنۆپۆڵکردن و دەزگا داراییەکانەوە دەنوسایەوە و بە ڕێژەیەکی ڕوو لە زیادبوون لە بەرژەوەندییدا کاریدەکرد. بەرهەمهێنان لەم سەردەمەدا، لەلایەن هەناردەکردنی خودی سەرمایە خۆیەوە هاودەمیدەکرا" (لینین). قۆناغی ئیمپریالیزم لەگەڵ خۆیدا مەترسی جەنگی جیهانی دەهێنێت، بە نموونە لە ململانێدا لە پێناو بازاڕی نوێدا، هتد. بەهۆی دابەشبوونی جیهان و گەشەی مەزن لە بەرهەمهێناندا، ئێستا تەنها لەڕێگەی دووبارە دابەشکردنەوەیەکی نوێی جیهانەوە بازاڕەکان بەدەستدەهێنرێن، کە بەبێ خۆلادان لە ئاستێکی جیهانیدا، ڕوو لە ململانێ و ناکۆکییە. جەنگی جیهانی لەلایەکەوە ئاماژە بە ناکۆکییەکانی نێوان خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەکات و دەوڵەت نەتەوە لەلاکەی ترەوە. بەڵام جیاواز لە کۆمەڵگاکانیتری پێشوو، سەرمایەداری مەرج و ڕیشە ماتریالییەکانی لەپێناو ڕێکخستنێکی سۆسیالیستی نوێدا دابینکرد، کە دەتوانێت گەرەنتی بەشی پێویستیی بۆ هەمووان بکات.

پرۆلیتاریا تاکە چینی شۆڕشگێریی ڕێك و یەکگرتووە کە بتوانێت شۆڕشی سۆسیالیستی بگەیەنێتە مەبەست و ئامانجی خۆی. ئەمە لە پێگەی تایبەتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییانەوە سەرچاوە دەگرێت. چینی کرێکار دیسپلینکراون و ناچارکراون بەوەی لە کارگەکاندا هەماهەنگی بکەن لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. خۆی لەناو دەستەی بازرگانی گەورەتردا ڕێکدەخات و پاشان حیزبی سەربەخۆی خۆی پێکدەهێنێت. وەك ئەوەی مارکسیزم دژ بە هەموو تیۆرەکانی ترە، لە هەمانکاتدا، ئایدیۆلۆژیایەکی ڕوون پێشکەشدەکات و دەست بە ئەرکەکەیەوە دەگرێت لە ڕووخانی سەرمایەداریدا. حیزبی بۆلشەفیك، کە لەلایەن لینین و ترۆتسکییەوە سەرۆکایەتی دەکرا، مۆدیلێکی ژیانکردنی پێشکەش بە کریکارانی جیهانکرد. جوتیار و چینەکانی ناوەڕاست بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە، ڕۆڵی سەرکردایەتییان نییە. جوتیارەکان لە دەوروبەری شارەکان و گوندەکان

بڵاوبوونەتەوە، وە هیچ چەمکگیرییەکی ڕاستەقینەیان بۆ یەکگرتنەوە و نێودەوڵەتیگەرایی نییە. ئەم چینانەی ناوەڕاستی کۆمەڵگا یان دەبن بە شوێنکەوتەی بۆرژوا یان شوێنکەوتەی پرۆلیتاریا.بەڕاستی جوتیاری، کەرەستە کلاسیکەکەی بۆناپارتیزم – ڕژێمێك بوو بناغەگرتوو لەسەر هێزە چەکدارەکان، هاوسەنگی نێوان چینەکانی ڕادەگرت. لە سەردەمی ئیمپریالیزم و بۆگەنبوونی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵیدا، ئەگەر چینی کرێکار سەرکەوتونەبوایە لە ڕاکێشانی چینەکانی ناوەڕاستدا بەرەولای ئاڵای سۆسیالیسم، ئەوا دەکەوتنە نێو ئامێزی بەرپەرچدەرەکانەوە.

## یاسای ناڕێك و پیشکەوتنی پێکەوەبەستوو

لە ئێستادا سەرمایەداری ، لە سیستەمێکی پێشکەوتوخوازی کۆمەڵایەتیدا، بووە بە کۆت و بار بەسەر بەرهەمهینان و پێشکەوتنی زیاتری مرۆڤایەتییەوە. مارکس پروایبوابوو کە پرۆلیتاریا سەرەتا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداری وەك بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسادا، دەسەڵات دەگرنە دەست. هەرچەندە، بە زمانی لینین، سەرهەڵدانی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری، لە ڕوسیا "لە لاوازترین لینك و پەیوەندییدا دەپچڕێت." کۆمەڵگا بە هێڵێکی ڕاست گەشە ناکات، بەڵکو بەگوێرەی یاسا ناڕێکەکانی گەشەی کۆمەڵگا لە پێوەری جیهانیدا، بە شێوەیەکی بەردەوام و نەگۆڕ بەهۆی داهێنانی بەرهەمی نوێ و ئایدیا لە سیستەمی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە پێچەوانە دەبێتەوە. دواکەوتوویی ڕوسیای نیمچە-دەرەبەگ بەهۆی زۆربەی تەکنیکە مۆدێرنەکانی بەرهەمهێنان لەناو شارەکاندا بوبە پرۆسەیەکی تەواوکراو، ئەویش بەهۆی ئەو زۆر و زەبەندەییەی پری سەرمایەی بیانی لە فەڕەنسا و بەریتانیا. پیشەسازی پرۆلیتاریای نوێ کە ماوەیەکی نزیکی پێش ئەوە هاتەبوون، پێشکەوتوترین ئایدیاکانی چینی کرێکاری قبوڵکرد: کە بریتیبوو لە مارکسیزم. لە زۆرێك لە وڵاتە گەشە-نەکردووەکاندا، جەراعەتی ڤێزەونی ڕیفۆرمی زەوی، ئۆتۆکراسی، چەوساندنەوەی نەتەوەیی و وەستان و مەنگبوونی ئابووری، سەرجەم بوونەهۆی نیگەرانی گەورە. ئەرکەکانی شۆڕشی بۆرژوازی دیموکرات کە دارێژەری بنەڕەتی گەشەی سەرمایەدارانەیە، یان ئەوەتا بەشێوەیەکی جوزئی جێبەجێکراوە یان بەهیچ شێوەیەك جێبەجینەکراوە.

چینی سەرمایەدار لەم وڵاتانەدا زۆر درەنگ هاتە سەر شانۆ بۆ گێرانی هەمان رۆڵی هاوشانە شۆرشگێرەکەی لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا. وەك ئەوەی لە ڕوسیای پێش ساڵی 1917، کە زۆر لاواز بوون و لەڕێگەی هاوسەرگیری و قەرزی حکومەتەوە بۆ موڵك و خانو (مۆرتگج)بە هەزاران تەل و بەند بە زەویداران و ئیمپریالیستەکانەوە بەسترابوونەوە. ئەمانە ئێستا هەردووکیان ڕقێکی هاوبەشیان لە سەرهەڵدانی پرۆلیتاریایە. چینی سەرمایەداری نەتەوەپەرست زیاتر حەزدەکەن خۆیان بە ڕێکخستن و نەزمە کۆنەکەوە پەیوەست بکەنەوە لەوەی مەیلیان بدەن بە چینە نزمەکان کە هەوڵی بەئەنجامگەیاندنی شۆرشێکی دژە-دەرەبەگایەتی دەدەن. تاکە چینێك کە توانای بەرپاکردنی شۆرشی هەبێت پرۆلیتاریە ئەویش لەڕێگەی کۆکردنەوەی بەشە هەژارەکانی جوتیاران لەدەوری خۆی. جارێك کە چینی کرێکار لە ساڵی 1917 دەچێتە دەسەڵات، دەتوانێت زەوی بە جوتیارەکان بدات، دەتوانێت ئیمپریالیستەکان وەدەربنات و وڵات یەکبخاتەوە. هەرچەندە، پرۆلیتاریا لەم پێوەرانەدا ناوەستێت و بەڵکو هەنگاو دەنات بۆ پێشەوە بۆ ئەرکە سۆسیالیستییەکان: لەوانە بەنەتەوەییکردنی پیشەسازییە سەرەکییەکان و زەوی و دەزگا داراییەکان.شۆرشی ڕوسیا گرنگترین ڕوودابوو لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا. بۆ یەکەمجار چینی کرێکار دەسەڵات دەگرنە دەست، سەرمایەدارەکان و زەویداران و شەلاتییەکان دەسڕنەوە و "دەوڵەتی دیموکراتی کرێکاران" ڕێکدەخەن. ئەمە سەرەتای شۆرشی نێودەوڵەتی سۆسیالیستییە و بە تەواوی تیۆری شۆرشی ئەبەدی دووپاتدەکاتەوە. بەداخەوە، خیانەتی شۆرشی سۆسیالیستی لە ئەڵمانیا، هەروەها وڵاتانیتر، وایکرد کە شۆرشەکە بکەوێتە گۆشەگیری دواکەوتویی و خاپوربوونی وڵاتەوە. کاولکاری جەنگ، نەخوێندەواری بەکۆمەڵ، جەنگی ناوخۆ، شەکەتی و ماندوێتی، ئەرك و ماندوبونی زۆری خستەسەر شانی چینی کرێکاری لاواز، هەروەها بەشدارییانکرد لە ڕوودانی شکستی شۆرشەکەدا. ئەوە ئەم هەلومەرجە بابەتییانەبوون کە هاندەری گەشەی بیرۆکراتیزم بوون لەناو دەوڵەت و دەستەی بازرگانی و حیزبدا. ستالین لەسەر پشتی ئەم چینە بیرۆکراتییە نوێیە گەشتە دەسەڵات. تاك لە مێژوودا خۆی نانوێنێتەوە، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی گروپ و چین دەنوێنێتەوە.

ستالینیزم و دیکتاتۆریەتە وەحشیگەراییەکەی لە حیزبی بەلشەفیك و شۆرشی سۆسیالیتەوە گەشەی نەکرد، بەڵکو لە گۆشەگیری و دواکەوتوویی ماتریالی و ڕوسیاوە سەریهەڵدا. دیموکراسیەتی کرێکارانی لەپێناو پاراستنی ئیمتیازات و دەسەڵاتی خۆیدا، لەناوبرد. سەرەڕای ئەوەی ڕژێمی ستالینیزمی پشتی بە فۆرمە نوێکانی موڵکایەتی بەست لەوانە بەنەتەوەییکردنەوەی پیەسازی و پلانی بەرهەمهێنان. سۆڤیەتییەکان (ئەنجومەنی کرێکاران) و دیموکراسیەتی کرێکاران لەنێو دژە-شۆرشی ستالینیستی سیاسیدا وێرانبوو. چینی کرێکاری ڕوسیا تەنها لەڕێگەی شۆرشێکی سیاسی نوێوە دەتوانێت دیموکراسی کرێکاران بگەڕێنێتەوە کە لە سایەی فەرمانڕەوایی لینین و ترۆتسکیدا بوونی هەبوو. ئەمە مانای گەڕانەوە نییە بۆ سەرمایەداری، بەڵکو کۆتاییهاتنە بە نوخبەی ئیمتیازداری بیرۆکراتیك، وەکو ئەوەی کە خەڵکی عام خۆی بەشدار دەبن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا. گواستنەوەی سۆسیالیستی بەرەو کۆمەڵگایەکی نوێ و باڵاتر دەڕوات لەڕێگەی شکاندنی ئەو کۆت و بەندانەی کە لەسەر بەرەوپێشچوونی هێزەکانی بەرهەمهێنان. بەربەستی خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت نەتەوە سڕاونەتەوە، ڕێگادان بە موڵکی بەکۆمەڵایەتیکراو بۆ ئەوەی بەشێوەیەك بەرنامەڕێژی بۆ بکرێت کە لە بەرژەوەندی زۆرینەدا بێت. ناکرێت شۆرشی سۆسیالیستی لە یەك وڵاتدا سنوردار بکرێت، بەڵکو شورشی جیهان دەخاتە سەر پێ و نەزمی رۆژ. جیهانی ئابوری و جیهانی دابەشکراوی کار کە لەلایەن سەرمایەدارییەوە بەرهەمهاتووە، پێویستی بە چارەسەرێکی نێودەوڵەتی هەیە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا زەمینە خۆشدەکەن بۆ فیدراسیۆنێکی جیهانی وڵاتەکان، هەروەها پلاندانانی نێودەوڵەتی بەرهەمهێنان. ئەم پلانە لەبەرامبەردا، بنچینە و بنەڕەتێکە بۆ تەرخانکردنی "بەرهەمهێنانی شتومەك و ڕەزامەندی و قایلبوونی هارمۆنی لە ویستەکانی مرۆڤدا."

ەکێك لە ئەرکەکانی چینی کرێکاری سەرکەتوو بریتیبوو لە تێکشکاندنی ئامێر و مەکینە. لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، "دەوڵەت، وەکو ئۆرگانێکی چینی فەرمانڕەوا، ئۆرگانێك بۆ چەوساندنەوەی چینێك لەلایەن چینێکی دیکەوە، هاتە بوون".ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو پرسیارەی کە، ئایا چینی

کرێکار پێویستی به دەوڵەت هەیە؟ ئەنارشییەکان لەبەرامبەر ئەم پرسیارەدا نەخێر هەڵدەبژێرن. بەڵام لەو تێگەشتنەدا شکستیان هێناوە کە پێویستە فۆرمێکی هێز و زەبر هەبێت  بۆ پاراستنی زەویدارەکان و خاوەن بانکەکان و سەرمایەدارەکان لە شوێنەکانی خۆیاندا. بەهۆی ئەمەوە پێویستبوو پرۆلیتاریای نوێ جۆرێك لە دەوڵەتی نوێ بنیات بنێت بۆ نوێنەرایەتیکردن لە بەرژەوەندییەکانی. لە دەوڵەتی کرێکاریدا، زۆرینە کەمینەیەکی زۆر بچووکی سەرمایەداری پێشووی بەدەستەوەیە و لەژێر چاودێریدایە، هەروەها لێرەوە، دەوڵەتی بیرۆکراتی زەبەلاحی کۆن نابێت بە پێویستی ئێستا. وەکو ئەوەی ترۆتسکی پێیباشبوو بەم شێوەیە ناویان بهێنێت، "دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا" یان دیموکراسی کرێکار، بەشێوەیەکی فراوان، فۆرمە باڵاکانی دیموکراسی بۆرژوای بەرینتر و گەورەتر کرد. مارکس دیموکراسی بۆرژووا بەوە پێناسە دەکات کە بریتییە لەوەی کرێکارەکان هەر پێنج ساڵ جارێك بڕیار دەدەن کە کام بەش لە چینی حاکم لە پەرلەماندا بە هەڵە بەرژەوەندییەکانیان دەخوێنێتەوە. هەر کەسێك دەتوانێت ئەوە بڵێت کە خۆی دەیخوازێت،  بە خستنەبەردەستی ئەوەی کە بۆردەکانی قۆرخکردن کردارییانە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە دەبێت چی بکرێت. دەوڵەتی نوێی کرێکاران دیموکراسی لە سیاسییەوە بۆ دیموکراسی ئابوری درێژ دەکاتەوە لەگەڵ بەنەتەوەییکردنی قۆرخکارییە گەورەکاندا. ئۆرگانە نوێکانی دەسەڵات، وەکو سۆڤیەتییەکانی ڕوسیا، کە لەسەر خەڵك و چەکدار دامەزرابوو، هەروەها "جەستەی کارکردن، جێبەجێکەر و لەهەمانکاتدا شەرعی"یشی پێکهێنا. بیرۆکراسیەت لەلایەن، بەشداربوونی خەڵك و عەوامەوە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگادا، جێگەیدەگیرێتەوە. پرۆلیتاریای پاریس لە ساڵی 1871 و ڕوسیا لە 1917 لەپێناو بەرگریکردن و پاراستنی چینی فەرمانبەراندا ئەم پێوەرانەی خوارەوەی ناساند:

-1هەڵبژاردنی پلەداران لەگەڵ مافی لێپێچینەوە.

-2نەبوونی سوپای نیزامی، بەڵکو خەڵکی چەکدار.

-3هیچ کەسێکی ڕەسمی زیاتر لە کرێکارێکی شارەزای بۆ نابێت.

-4پلە و پێگەکانی نێو دەوڵەت لەناو خەڵکدا دەستاودەستیان پێدەکرێت یان دەخولێنەوە.

لەگەڵ کەمکردنەوەی هەفتەی کارکردندا، جەماوەر بواری ئەوەیان پێدەبەخشرێت کە لە کاری دەوڵەتدا تێوەبگلێن، هەروەها کلیلی کەلتور و زانست و هونەر بەدەستبهێنن. وەك ئەوەی ئینگلز وتویەتی، ئەگەر هونەر، زانست و حکومەت لەدەستی کەمینەدا بۆ پاراستن بهێڵرێتەوە، ئەوا دواتر هەموو ئەمانە لەبەرژەوەندی خۆیاندا دەخەنەگەڕ، وەك ئەوەی کە لە وڵاتە ستالینیستییەکاندا ڕوویدا. دەوڵەت بە شێوەیەکی مێژوویی لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای چیندا سەریهەڵدا. بەهۆی ئەمەوە، زۆر لە سەرەتاوە، دەوڵەتی کرێکار بەرەو کزبوون و نەمان دەچێت، لەبەرئەوەی چینەکان خۆیان لەنێو کۆمەڵگادا دەتوانەوە. هەر لەبەر ئەمەشبوو کە ئینگلز دەوڵەتی کرێکار یان پرۆلیتاریای بە "نیمچە-دەوڵەت" لەقەڵەمدا. لینین لە "دەوڵەت و شۆڕش"دا دەڵێت: "لەسایەی سۆسیالیزمدا بەشی زۆری دیموکراسی "سەرەتایی و بیدائی" بەبێ خۆلێلادان زیندودەبێتەوە، لەبەرئەوەی بۆ یەکەمجار لە مێژووی کۆمەڵگای شارستاندا، جەماوەری خەڵك بەش و لایەنێکی سەربەخۆ هەڵدەبژێرن، نەك تەنها سەربەخۆ لە دەنگدان و هەڵبژاردنەکاندا، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆ لە کارگێری ڕۆژانەی دەوڵەتیشدا. لەبەرامبەر ئەمەدا، لە سۆسیالیزمدا هەموو کەسێك فەرمانڕەوایەتی دەکات و هەر زووش بەوە ڕادێت کە کەسیتر فەرمانڕەوایی نەکات." لەم قۆناغە نزمەی سۆسیالیزمدا وەك ئەوەی مارکس لە ڕەخنەی پرۆگرامی گۆتەدا پێیدەڵێت، هەر کەسێك دەتوانێت ببینێت، "وەکو ئەوەی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەردەکەوێت، کە بەهۆی ئەمەوە لە هەموو ڕوویەکەوە بەشێوەیەکی ئابوری و ئەخلاقی و ڕۆشنبیرییانە، ئەوەی کە لە منداڵدانیەوە دێتەدەر". هێشتان مۆرکی نیشانەی لەدایکبوونی کۆمەڵگا کۆنەکەی پێوەیە، هەرچەندە خراپ بەکارهێنانی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بە کۆتا گەشتووە، هێشتان بەرهەمهێنان نەگەشتووەتە ئاستی بەرزی تەواوی تاکو بتوانرێت ڕیشەییەن نایەکسانی و جیاوازی چینایەتی نەهێڵرێن. تا ئەم چرکەیەش خەڵك پێوستی بە شوێنکەوتنی ئەم بنەمایەیە: "ئەوەی کە کار ناکات نابێت بخوات". دەوڵەت، سەرەڕای تایبەتمەندیی گواستنەوەی، وەکو پاسەوان و پارێزەری نایەکسانی دەمێنێتەوە.

## سۆسیالیزم، کۆمەڵگای بێچین

هێشتان مرۆڤایەتی بە هەنگاوی گەورەی بەرهەمهێنان بۆ پێشەوە، بەرمەبنای پێشکەوتنی زانست و پلانی ئاگامەندانە، پێدەخاتە نێو کایە و بواری بەرزتری کۆمەڵگای ڕاستەقینەوە. چینەکان و دەوڵەت لە داهاتوودا بە تەواوی سیس و لاواز دەبن، ئێستا کۆمەڵگا ئەو دروشمە پیادە دەکات "لە هەر کەسێکەوە بەگوێرەی توانای، بۆ هەر کەسێك بەگوێرەی پێداویستییەکانی". ئەنتی تێزی شارۆچکە و وڵات، کانزا و کاری فیزیکی لەگەڵ شۆرشی زیاتر لە هێزەکانی بەرهەمهێناندا، لەناودەچن. بە دەربڕینی لینین: "ئاسۆی بەرتەسکی یاسای بۆرژوا"، کە کەسەکان ناچاردەکات بە بێ دڵی و بێ هەستی شایلۆکییەوە خەریکی ژماردن بێت کە ئایا کەسێك نیو کاتژمێر کەمتر لە کەسێکیتر کاری نەکردووە – ئەم ئاسۆ بەرتەسکە دەخرێتەلاوە و کۆتایی پێدێت. پاشان چیتر پێویستییەك بۆ هەبوونی کۆمەڵگا لە دابەشکردنی بەرهەم و ڕێکخستنی ئەو پرەی کە دەبێت لەلایەن کەسێکەوە وەربگیرێت، نامێنێتەوە؛ هەرکەسە و ئازادانە بەگوێرەی پێویستییەکانی بەشی خۆی دەبات. سروشتی بەربەریئاسای کۆمەڵگای چین بۆ یەکەمجار و بۆ هەتاهەتایە لەناودەچێت. پێش مێژووی مرۆڤایەتی تەواودەبێت. هێزەکانی بەرهەمهێنانی چینی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ بنیاتنراون ئێستا ریگایان بۆ کۆمەڵگای بێ چین ئاواڵاکرد کە دەوڵەت و کار دابەشکردن، گۆڕان بۆ ناپێویستی و زیادە. مرۆڤایەتی ئەو ئەرکە بە خۆی دەدات کە سروشت داگیر بکات، دەرگاکردنەوە لەبەردەم سەرسوڕهێنەرەکانی زانست و تەکنەلۆژیادا دەکاتەوە. لە زاری ئینگلزەوە، "حکومەتی کەسەکان بە کارگێری شتەکان جێگەی گیراوەتەوە." هەروەها ترۆتسکی دەیخاتەڕوو کە "یەکجار کە مرۆڤ بەر هێزە ئەنارشییەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی دەکەوێت، مرۆڤ چیتر دەستدەکات بە کارکردن لەسەر خۆی، لولەکی دڵۆپاندن و دەستکەوانی کیمیاگەر. یەکەمجار، مرۆڤایەتی خۆی وەکو کەرەستەی خاو دەبینێت، یان بەلایەنی زۆرەوە، وەکو بەرهەمێکی فیزیکی و نیمچە-دەرونی تەواونەکراو. سۆسیالیزم مانای خۆفڕێدانی زەرورەتە بۆناو ئازادی، بەو مانایەی کە مرۆڤی ئەمڕۆ بە

هەموو ناکۆکییەکانیەوە و نەبوونی هارمۆنیەتەکەیەوە، ئەوڕیگایە دەکاتەوە کە لەپێناوڕەگەزێکی نوێ و بەختەوەرتری مرۆڤایەتیدایە" (لیۆن ترۆتسکی، بەرگریکردن لە ئۆکتۆبەر.)